هەرێمی کوردستان - عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی دارایی و ئابووری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری
بەڕ/ دیراسات و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون

Kurdistan Region – Iraq
Presidency Council of Ministers
Ministry of Finance & Economy
General Directorate of Accounting

اقليم كوردستان - العراق
رئاسة مجلس الوزراء
وزارة المالية والاقتصاد
مديرية المحاسبات العامة
م/ الدراسات و الابحاث والمتابعة

ژمارە: ٦٤٤٤ / ٤ / ٩ ڕێکەوت: ٢٧١٣ / / كوردی ڕێکەوت: / / ٢٠١٤

ڕێنمایی دارایی ژمارە (٢)

بۆ / گشت وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت

ب/ دەرماڵەی شاند و سەفەر بۆ دەرەوەی وڵات

ئاماژە بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە /٩٣٥٢ لە ٢٠١٣/٩/٢٥ و دوا بەدوای ڕێنماییەکانمان ژمارە (٢٩ ، ٤٦) ی ساڵی ٢٠٠٧ و ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٠٩/ و نووسراومان ژمارە / ٥٣٨٤ لە ٢٠١٢/٣/٢٦ تایبەت بە خەرجییەکانی شاند و سەفەر بۆ دەرەوەی وڵات تکایە ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکرێت :-

یەکەم / شاندکردن بۆ دەرەوەی وڵات کە سەرجەم خەرجییەکانی لە سەر بوودجەی حکومەتی هەرێم بێت .

١- پێویستە شاند کردن بۆ حاڵەتی زەرور و سودبەخش بێت بە ڕەچاوکردنی تەرخانکراوی دارایی و وەرگرتنی ڕەزامەندی لایەنە پەیوەندیدارەکان.

٢- وەزیری نێردراو (الموفد) بۆ دەرەوەی وڵات و ئەوانەی بەو پلەیە دێن ، شایستەی دەرماڵەی شەوانە (مخصصات ليلية) دەبن بە بڕی (٦٠٠$) شەش سەد دۆلاری ئەمریکی بۆ هەر شەوێك لە دەرەوەی عێراق لەگەڵ خەرج کردنی کرێی هۆتێل بەپێی پسووڵە .

٣- نێردراو (الموفد) لەم وەزیفانەی خوارەوە شایستەی دەرماڵەی شەوانە (مخصصات ليلية) دەبێت بەم شێوەیەی خوارەوە بۆ هەر شەوێك لە دەرەوەی عێراق :-

پۆلینی نێردراو	بۆ وڵاتانی کۆمەڵەی یەکەم	بۆ وڵاتانی کۆمەڵەی دووەم
بریکاری وەزارەتەکان و خاوەن پلە تایبەتەکان و بەڕێوەبەرە گشتی یەکان و ئەوانەی بەو پلانە دێن .	أ - (٣٥٠ $)سێ سەد و پەنجا دۆلار تاکو (١٠) دە ڕۆژ . ب - (٣٠٠ $)سێ سەد دۆلار بۆ زیاتر لە (١٠) دە ڕۆژ .	أ - (٤٠٠ $) چوار سەد دۆلار تاکو (١٠) دە ڕۆژ . ب - (٣٥٠ $) سێ سەد و پەنجا دۆلار بۆ زیاتر لە (١٠) دە ڕۆژ.
بۆ پلەی کەمتر لە بەڕێوەبەری گشتی و پلەی لیوای سەربازی و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و بەرەوخوارەوە .	أ - (٢٠٠ $)دوو سەد دۆلار تاکو (١٠) دە ڕۆژ . ب - (١٥٠ $)سەد و پەنجا دۆلار بۆ زیاتر لە (١٠) دە ڕۆژ .	أ - (٢٥٠ $)دوو سەد و پەنجا دۆلار تاکو (١٠) دە ڕۆژ ب - (٢٠٠$) دوو سەد دۆلار بۆ زیاتر لە (١٠) ڕۆژ .

Hawller/ Beside Sami Abdulrahman Park
Phone: 2560068 - 2560069 – 2528254
هەولێر/ تەنیشت پارکی سامی عبدالرحمان
تەلەفۆن: ٢٥٦٠٠٦٨ – ٢٥٦٠٠٦٩ – ٢٥٢٨٢٥٤
٢٠١٤/١/١٢ سهام
Email: gd_finance@yahoo.com

بۆ مەبەستی خەرج کردنی دەرماڵەی شەوانە (مخصصات ليلية) بۆ نێردراو ، ووڵاتەکان پۆلین دەکرێن بۆ دوو کۆمەڵە بەم شێوەیەی خوارەوە :-

أ ـ کۆمەڵەی یەکەم/ (سوریا ، فەلەستین ، مەغریب ، ئوردن ، سعودیە ، کوێت ، بەحرێن ، عومان ، یەمەن ، میسر ، سودان ، لیبیا ، جەزائیر ، جیبۆتی ، صۆمال ، مۆریتانیا ، ئەرتیریا ، ئێران)

ب ـ کۆمەڵەی دووەم/ گشت ووڵاتانی تری جیهان کە ناونەبراون لە برگە (أ)ی سەرەوە بە ووڵاتانی کۆمەڵەی دووەم دادەنرێن .

کرێ ی ئوتێل بۆ نێردراوی دەرەوەی ووڵات کە لە خاڵی (٣) ی سەرەوە ئاماژەیان بۆ کراوە بەپێ ی پلە بۆ هەر شەوێك بەم شێوەیەی خوارەوە خەرج دەکرێت :-

پۆلینی نێردراو	بۆ ووڵاتانی کۆمەڵەی یەکەم	بۆ ووڵاتانی کۆمەڵەی دووەم
أ- بریکاری وەزارەتەکان و خاوەن پلە تایبەتەکان و بەڕێوەبەرە گشتی یەکان و ئەوانەی بەو پلانە دێن .	(١٠٠ $) سەد دۆلار .	(٢٠٠ $) دوو سەد دۆلار .
ب- بۆ پلەی کەمتر لە بەڕێوەبەری گشتی و پلەی لیوای سەربازی و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و بەرەوخوارەوە .	(٥٠ $) پەنجا دۆلار .	(١٠٠ $) سەد دۆلار .

- دەکرێت لە سەر رەزامەندی وەزیری تایبەتمەند شاندی یاوەری بەڕێزیان لە هەمان ئوتێل بمێننەوە و کرێ ی ئەو ئوتێلەیان بەپێ ی پسوولە بۆ خەرج بکرێت بەدەر لە برگەکانی (أ و ب) ی خاڵی (٥) ی سەرەوە .

- کرێ ی پلیتی فرۆکە بۆ ناوبراوانی خاڵەکانی سەرەوە بە پێ ی پسوولە خەرج دەکرێت ، و تەنها کرێ ی هاتووچۆی ناوەوەی عێراق بۆ ووڵاتی نێردراو و بە پێچەوانەوە خەرج دەکرێت و کرێ ی هاتووچۆی ناو ووڵاتی نێردراو خەرج ناکرێت کە لەو ووڵاتەدا هاتووچۆی کردووە .

٨- خەرجی دەرماڵەی شەوانە (مخصصات ليلية) تاكو (١٠) دە ڕۆژ بەپێ ی بڕی دیاری کراوی برگەی (أ) ی خاڵی (٣) ی سەرەوە خەرج دەکرێت ، بەڵام بۆ ئەو ڕۆژانەی دەکەوێتە سەرو (١٠) دە ڕۆژ بەپێ ی برگەی (ب) ی هەمان خاڵ خەرج دەکرێت .

٩- پێویستە لە سەر نێردراو سەفەر بکات بۆ شوێنی مەبەست بە کەمترین کات و نزیکترین ڕێگە بگرێتەبەر بۆ چوون و هاتنەوە و ڕۆژانی سەفەری نێردراو بەپێ (تأشيرة الدخول و الخروج) ی سەر پاسپۆرت دیاری دەکرێت .

١٠- ڕۆژانی سەفەر بۆ وڵاتانی دراوسێ یەك ڕۆژ بۆ ڕۆیشتن و یەك ڕۆژ بۆ گەڕانەوە ئەژمار دەکرێت و بۆ وڵاتەکانی تر دوو ڕۆژ بۆ ڕۆیشتن و دوو ڕۆژ بۆ گەڕانەوە ئەژماردەکرێت کە گەشتی ڕاستەوخۆ نەبێت لە نێوان هەرێم و ئەو وڵاتەدا .

١١- خەرجی هاتووچۆی نێردراو لە نێوان هەرێم و فرۆکەخانەی دەرەوەی هەرێم ، کە سەفەری لێوە دەکات بۆ وڵاتی مەبەست خەرج دەکرێت و بە پێچەوانەشەوە .

١٢- دەکرێت نێردراو بە ڕێژەی (٨٠٪) ی تێچووی سەفەری وەك پێشینە بۆ خەرج بکرێت .

دووەم / شاندن کردن بۆ دەرەوەی وڵات کە بەشێك لە خەرجییەکانی لە سەر بودجەی حکومەتی هەرێم بێت .

١- ئەگەر لایەنی بانگهێشت بەشێك لە خەرجی سەفەرەکەی گرتە ئەستۆ وەك (ئوتێل و پلێتی فڕۆکە) ئەوا تەنها دەرماڵەی شەوانەی (مخصصات ليلية) بە تەواوی بۆ خەرج دەکرێت .

٢- ئەگەر سەرجەم خەرجییەکانی نێردراو (ئوتێل و پلێتی فرۆکە و خواردن)لە سەر لایەنی بانگهێشت بوو جگە لە دەرماڵەی شەوانە ئەوا تەنها ڕێژەی (٣٠٪) ی دەرماڵەی شەوانەی (مخصصات ليلية) بۆ خەرج دەکرێت .

٣- ئەگەر شاند کردنەکە لە سەر لایەنی بانگهێشت بوو و گشت خەرجییەکانی گرتە ئەستۆ وەك (پلێتی فرۆکە / خواردن / ئوتێل/ دەرماڵەی شەوانە (گیرفان) / گشت خەرجییەکانی تر بە تەواوەتی) ئەوا

هیچ خەرجییەکی لە سەر بوودجەی حکومەتی هەرێم بۆ خەرج ناکرێت ، بەلام لە حالەتێکدا ئەگەر دەرماڵەی شەوانە کەمتر لە ڕێژەی (٣٠٪) بێت تەنها جیاوازی بڕی خەرج کراو و ئەم بڕی بۆ خەرج دەکرێت .

ئەگەر لایەنی بانگهێشت بەپێ ی بانگهێشتەکە (خەرجی پلێتی فرۆکە یان کرێ ی ئوتێل) ی گرتە ئەستۆ سەرەرای هەبوونی فەرمانی وەزاری بۆ هەمان مەبەستی سەرەوە بەپێ ی شایستە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت سەرەرای خەرج کردنی دەرماڵەی شەوانە بەپێ ی هەردوو خالی (١ و ٢) ی سەرەوە .

ئەگەر کەسی شاندکراو فەرمانبەر نەبوو شایستەی خەرجی سەفەر دەبێت بەپێ ی ئەو پۆلێنەی کە وەزیری تایبەتمەند بۆی دادەنێت .

- رەت کردنەوەی (رفض) ئەو بانگهێشتانەی تایبەت بە شاند کردنی فەرمانبەران بۆ دەرەوەی وولات لە لایەن کۆمپانیاکان ئاراستە دەکرێن و لە بانگهێشتی کەسیەتی پێك دێت .

- دەبێت لە ناوەرۆکی نووسراوی شاندکردن ماوەی فیعلی ئەو کارەی کە پێویستیەتی دیار بکرێت بە کەمترین رادده و بەکارنەهێنانی دەستەواژەی (بۆ ئەو ماوەی کە کارەکە پێویستیەتی)لەگەڵ ناوهێنانی برگەکان وماددەکانی یاسایی کە پێ ی شاندکراوە و ئاماژە بکرێت بەو لایەنەی کە خەرجییەکانی شاندەکە دەگرێتە ئەستۆ (هەمووی یان بەشێکی) .

٨- ئەگەر ماوەی شاندکردنی نێردراو(الموفد) لە (٤٥)چل و پێنج رۆژ زیاتر بێ ، بۆ ماوە زیادبووەکە ڕێژەی (٧٥٪) لە شایستەبوونی بۆ خەرج دەکرێت .

٩- ئەگەر هاتوو شاندکردنی فەرمانبەر دواخرا یان شاندکردنەکەی هەڵوەشێنرایەوە بە هەر هۆیەك ، دەبێت هەڵسێت بە گەڕاندنەوەی پێشینەی خەرج کراو بۆی کە بە ڕێژەی (٨٠٪) لە بڕی شاندەکە بەپێ ی برگە (١٢) لە خالی یەکەمی ئەم رێنماییە کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکراوە لە ماوەی (٣٠) رۆژ لە بەرواری وەرگرتنی پارەکە

...یاخود سەفەرەکەی لە ماوەی مانگێك لە گەرانەوەی بە مەبەستی یەکلاکردنەوی (تسویە) و خەرج کردنی ئەوەی ماوەتەوە لە شایستەی بە ڕێژەی (٢٠٪) لە بڕی شاندەکە هەروەکو لە بڕگە (١٢) ی خاڵی ... کەمی
لە کاتی گەڕانەوەی ... نێردراو دەبێ هەڵبستێت بە پێشکەش کردنی بەڵگەنامەی تایبەت بە شاندکر... ەکەی ... یاخود سەفەرەکەی لە ماوەی مانگێك لە گەرانەوەی بە مەبەستی یەکلاکردنەوەی (تسویە) و خەرج ... کردنی ئەوەی ماوەتەوە لە شایستەی بە ڕێژەی (٢٠٪) لە بڕی شاندەکە هەروەکو لە بڕگە (١٢) ی خاڵی ... کەمی ... سەرەوە هاتووە و بە ... پێچەوانەوە مافی خۆی لە داواکردنی بڕی ماوە نامێنێت .

سەبارەت بە کرێ ی بەشداری کردن لە کۆنگرەکان کە لە دەرەوەی وولات ئەنجام دەدرێن حکومەتی ... هەرێم هەڵدەستێت بە خەرج کردنی پارەی بەشدارییەکە بە مەرجێك کۆنگرەکان سوودبەخش بن و پەیوەندی ... هەبێت لەگەڵ پسپۆری فەرمانبەران و لە سەر پێشنیاری فەرمانگەکە بێت .

لە کاتی بانگهێشت کردنی فەرمانبەر بەپێ ی گرێبەستی ئامادەکردن (تجهیز) یان بە هەر بەڵێندەر ... ەتیەك بۆ دەرەوەی وولات ... بۆ بەشداری کردن لە خولی ڕاهێنان پێویستە وەك بڕگەیەك لە ناوەڕ ... ی ئەو گرێبەستەدا دیاری ... کرێت و شایستەی هیچ خەرجییەك نابێت .

بۆ ئاگاداریتان و کار پێ کردنی ... لەگەڵ ڕێزدا .

بایز سەعید محەمەد
وەزیری دارایی و ئابووری

وێنەیەك بۆ /

- سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- پەرلەمانی کوردستان - عێراق .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان / ف - ك - کارگێری و دارایی / ب - ژمێ... اری /بۆ ئاگاداریتان... لەگەڵ ڕێزدا .
- ئەنجومەنی دادوەری .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- دەستەی ڕاوێژکاران / بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- نووسینگەی بەڕێز وەزیر .. بۆ ئاگاداریتان... لەگەڵ ڕێزدا .
- نووسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەت .. بۆ ئاگاداریتان... لەگەڵ ڕێزدا .
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی بوودجە / بۆ ئاگاداریتان و کاری پێویست ... لەگەڵ ڕێزدا .
- بەڕێوەبەرایەتی ... گشتییەکانی سەر بەم وەزارەتە..بۆ گشتاندنی و کاری پێویست ... لەگەڵ ڕێزدا .
- بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی هەرێم / هەولێر ١ و٢ / (١ و ٢ و ٣) ی سلێمانی / دهۆك / ئاکرێ / سۆ... / زاخۆ / کۆیە / ... ئێدی/ گەرمیان/ چەمچەماڵ/ ڕاپەرین / بۆ زانین و کاری پێویست ... تکایە.
- خەرجییەکان / ... ۆیەتی / ژمێریاری .
- بەڕێوەبەرایەتی / دیراسات و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون .
- دۆسیەی سوڕاو